بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

## هەرێمی کوردستانی عێراق
## سەرۆکایەتی هەرێم
## سەرۆك

بەناوی گەلەوە

# بڕیار
# ژمارە (١١) ساڵی ٢٠٠٩

بە پێی خالّی (٢)ی بڕگەی (یەکەم) ی ماددەی (١٠) ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموارکراو و بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی پەرلەمانی کوردستان – عێراق کردویەتی لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (١٣) لە ٢٠٠٩/٥/١٣ بڕیارماندا بە دەرکردنی:

## بڕیاری ژمارە (٦) ی ساڵی ٢٠٠٩

**یەکەم:** خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق کە لە ٢٠٠٩/٦/٤ کۆتایی پێدێت بەردەوام دەبێت و پەرلەمان دەمێنێتەوە تاکو هەڵبژاردنی پەرلەمانێکی نوێ و گرێدانی کۆبوونەوەی یەکەمی.

**دووەم:** کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یا بڕیارێك ناکرێت پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم بڕیارە بێت.

**سێیەم:** لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکانە حوکمەکانی ئەم بڕیارە جێ بەجێ بکەن.

**چوارەم:** ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوواندنیەوە جێبەجێ دەکرێ و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان)دا بلاّو دەکرێتەوە.

**مسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

**هەولێر**

**٢٧/ گوڵان/ ٢٧٠٩ ی کوردی**

**٢٢/ جەمادی الاول / ١٤٣٠ ی کۆچی**

**١٧/ مایس/ ٢٠٠٩ ی زایینی**